# پـــــــــرۆژەی رۆژهەلاتی ناوەڕاســـــــتی گەورە
# لە نێـــــــوان خەیاڵی دیموکراســــیو نەزمی نـــــــوێی جیهانیی ئەمریکا !

tahirhassan@web.de تاهیرحەسەن

بەشی دووەمو كۆتایی

**ســـیستەمی پەرلەمانی غەربی لەناوچەكەدا, خـــــــــەیاڵە!**

ئەگەر وەك رۆشنبیرانی ناسیونالیزمی كورد, باوەر بەوە بكەین كە ئەم وەزعەیەتە مەترسیدارەی ئێستا ناوچەكەی پیادا تێدەپەرێ, نەفەسی مێژووە وەك دەڵێن وئازاری لەدایكبوونێكی گەورەی دیموكراسیە! بابرێك لەسەر ئەوە بوەستین و بزانین بەراستی هاتنە كایەوەی نیزامێكی پەرلەمانی و دیموكراسی غەربی, كەبە زۆر بەبالأی پرۆژەی رۆژهەلاتی ناوەراستی گەورەی ئەمریكا دەگیرێ, زەمینەی شكڵگرتنی هەیە؟!

نزیك بە 10ساڵ لەمەوبەر (مەنسور حیكمەت) لەوەلأمی ئەو پرسیارەدا, كە ئایا دامەزراندنی نیزامێكی پەرلەمانی غەربی لە ئێراندا ئیمكانی هەیە؟ وتی هاتنەكایەوەی نیزامێكی پەرلەمانی لە ئێراندا سەیرتر نیە لە هاتنەكایەوەی دەسەلأتی خومەینی و مەلاكان بەسەر خەڵكی مۆدێرن و شاریی ئێرانی دوای دەسەلأتی شاە دا! ووتی گرنگ هاتنە كایەوەی نیزامێك نیە,كە رەنگە لە هەلومەرجێكی تایبەتی مێژوویيدا بێتە پێشەوە, گرنگ بەپێوە راوەستان و بەردەوامی و خۆبەرهەم هێنانەوەی ئەو نیزامەیە بەوێنەی نیزامێكی سیاسی- ئابووری سەرمایەداری!

ئەم پێوانەیە بۆ عێراق وباقی وولأتانی رۆژهەلأتی ناوەراست و دنیای عەرەب بەتەواوی دروستە. ئەگەر قەراربێت چەند فاكتەرێك هەبن بەپێچەوانەی ئەم حوكمەوە كار بكەن, بەهۆی مێژووی سۆسیالیزم و مێژووی شكڵگرتنی نیزامی سەرمایەداری و رووداني شۆرشێكی عەزیمەوە (1979) لەئێراندا, رەنگە ئەم ئیمتیازە بۆ ئێران بێت, بەلأم مەنسورحیكمەت لەوێش بە نامومكینی دەزانێ.

ئەوەی ئاشكرایە سیستەمی پەرلەمانی ئالتەرناتیڤی رەوتێكی دیاریكراوی بۆرژوازیە بۆ شێوەی بەرێوەبردنی دەسەلأتدارەتی سەرمایە و حكومەتكردن لە كۆمەلگەی سەرمایەداریدا. كە ئەویش بەمانا فراوانەكەی و باڵە جۆراوجۆرەكانیەوە, رەوتی بۆرژوا لیبرالیزم و سۆسیال دیموكراسیە. ئەم رەوتە لە ئەوروپادا مێژوویەكی ریشەداری زیاتر لە سەدساڵەی هەیەو بەشێكی ئەسڵیە لەمێژووی سیاسی وئابووری كۆمەلگەو دەیان حزب و شەخسیاتی ناسراوی محەلی وجیهانی هەیە. رەوتێكی سیاسی ئاوها لەدنیای عەرەب و رۆژهەلأتی ناوەراستدا لەئارادا نییە, هەڵبەتە ئەمە بەو مانایە نیە كە هیچ كەسێكی لیبراڵ و خوازیار بەسۆسیال دیموكراسی ولایەنگر لەسیستەمی پەرلەمانی لەئارادا نیە, مەبەست لە بزووتنەوەیەكی سیاسی و كۆمەلأیەتیە كە ریشەی لە ئابووری سەرمایەداری ئەم وولأتانەدا هەبێت و مێژوویەكی لە دەسەلأتی سەرمایەپشت سەر نابێت و دەیان حزب وشەخسیاتی لیبراڵ و سۆسیال دیموكراسی بەرهەم هێنا بێت. هۆی نەبوونی ئەم مەیلە سیاسیە دەگەرێتەوە بۆ بنەمای ئابووری سەرمایەداری ئەم وولأتانە. ئەم وولأتانە وولأتانی دواكەوتوون لەباری ئابووری و پیشەسازی و تەكنۆلۆژیەوە, بۆیە بۆ گەشەو كەڵەكەی سەرمایە پشتیان بە هێزی كاری هەرزانی كرێكاران و سەعات كاری دوورودرێژ بەستووە, بەمانایەكی تر كەڵەكەی سەرمایە لەم وولأتانەدا لەسەر هاوكێشەی هێزی كاری هەرزان و كرێكارانی بێدەنگ دەچەرخێ. بێدەنگ راگرتنی كرێكارانیش سەركوتی سیاسی دەوێ,

پێشێلکردنی ئازادی سیاسی و خۆپیشاندان و ڕێکخراوبوونی دەوێ, پۆلیس‌و مەلاو کۆنەپەرستی و لەئەسارەتا ڕاگرتنی ژنانی دەوێ, هەلاواردن ودەزگای سەرکوتگەر و زیندانی دەوێ. هەر بۆیە لەم وولاتانەدا خەباتکردن بۆ سەرەتایی ترین هەقی ئابووری بە پەلە دەبێت بەتێکهەڵچوونی خوێناوی و بەرزکردنەوەی شیعاری ڕووخاندنی ئەم ڕژێمانە. مێژووی هاوچەرخی سیاسی ئەم وولاتانە مێژووی سێ بزووتنەوەی سیاسی و کۆمەلایەتیە, ناسیونالیزم, ئیسلامی سیاسی و چەپ و کۆمۆنیزم. هەموو ئەو هێزانەی لەعێراق‌و ولاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا هەن, سەریان دەچێتەوە سەر یەکێك لەم بزووتنەوانە, بۆینباخەکەی ئەحمەد چەلەبی و داگرتنی جارو باری جامانەکەی بارزانی و عەمامەو مێزەرەکەی حەکیم و عەگالەکەی ئال سعود, ئەمانە ناکاتە ئۆڵف پالمەو شیراك وشرۆدەر! لەیەك قسەدا نیزامی سیاسی وولاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و دنیای عەرەب , سەرخانی سیاسی وئیداری ژێرخانی ئابووری ئەو وولاتانەیەو بە زەبری چەك و کوشتار بەرێوە دەچن, کەمترین ئاوالەبوونی فەزای سیاسی ئەم وولاتانە, کەمترین گلاستنۆست لە ڕووبینای سیاسی ئەم وولاتانە, یەعنی دارمانی ئەم ڕژێمانە بەدەستی خەلك. ئەوەی کە دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکا دەڵێ تایبەتمەندی و پێکهاتەی ئەم وولاتانە دەستکاری ناکەین, هەر ئەمە ماناکەیەتی, بۆیە هاتنەکایەوەی نیزامێکی پەرلەمانی و هەلکردنی دیموکراسی غەربی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دا, توانای بەپێوەڕاوەستان و خۆبەرهەمهێنانەوەی نیەو تەنیا خەیالە. لەم وولاتانەدا یان سۆسیالیزم بەوێنەی نیزامێکی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی جیاواز کە تیایدا تەواوی بنەما ئابووریەکانی نیزامی سەرمایەداری لەبەین دەچێت و هۆیەك بۆ مانەوەی کۆنەپەرستی نامێنێتەوە, یان نیزامێکی ڕەشی سەرمایەداری وەك ئەم نیزامانەی ئێستای ناوچەکە دەتوانن بێن.

## ئیـــــسلام و ناسیونالیزمی عەرەب و کێشەی فەلەســـتین!

پێشتر بەکورتی باسی ئەوەم کرد, خەلکی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و دنیای عەرەب بەتایبەتی, سەرباری ئەوەی لەدەولەمەندترین گۆشەی دنیادا دەژین, بەلام ڕەنگە موبالەغە نەبێت ئەگەر بلێم بێبەشترین ئینسانەکانی ئەم گۆی زەوی یە لە تەواوی مەیدانەکانی ژیاندا پێك دەهێنن! شەرقی بوون بە وێنەی ناوێك بۆ پێناسەکردنی پلەدوویی خەلکی ئەم ناوچانە,کراوە بەفەرهەنگی باوی خەلکی ئەوروپا وئەمریکا! ئایا بەڕاستی ئەم خەلکە دواکەوتوون؟! ئایا بەڕاستی خەلکی ئەم ناوچانە ئیسلامن و ئیسلام لە ژیانی کۆمەلایەتی وشەخسیاندا جێگایەکی بەرجەستەی هەیە؟! ئایا کۆیلەتی وژێر دەستەیی ژنان غەریزەیەکی بوونیادی خەلکی ئەم کۆمەلگایانەیە؟! ئایا بەڕاستی دەسەلاتەکانی ئەم وولاتانە کەمترین نزیکایەتیان لەگەڵ خواستەکانی خەلك هەیە؟! بۆچی ترسناکترین دەسەلاتی سەرکوتگەری گیانی ودەروونی لەم وولاتانەدا زۆرترین بودجەیان هەیە؟! بۆچی ئەم وولاتانە لە پەراوێزی دنیای موتەمەدن و شارستانیەتی ئینسانی ئەم سەردەمەدا ڕاگیراون؟!

واقعیەتی مێژووی پەنجا ساڵی ڕابردووی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و دنیای عەرەب, وەلامی هەموو ئەم پرسیارانە بە نەخێر دەداتەوە, ڕەوتی کۆمۆنیزم و سۆسیالیزم و ئازادی و یەکسانی ئینسانەکان بەهێزترین بزووتنەوەی کۆمەلایەتی دەیەکانی ناوەڕاستی سەدەی پێشوو بوو, فاکتەرێکی ئەسلی ئەوەی کە ناسیونالیزمی عەرەب بێ توانامایەوە لەوەلام دانەوە بەکێشەو مەسەلە حەیاتیەکانی کۆمەلگای سەرمایەداری لەدەیەکانی پێشوودا, مەیدانداری سیاسی و کۆمەلایەتی

کۆمۆنیزم و سۆسیالیزم بوو! لەخۆوە نەبوو بزووتنەوەی ئیخوان موسلمین لە قەراغی کۆمەڵگای میسرەوە هێنرایە چەقی دەسەڵات و بەخێرایی لەناوچەکەدا بلاْوکرایەوە! هێنانە پێشەوەی ئیسلامی سیاسی لێدانی پشتێنەیەکی ئەمنی بوو بۆ دەسەڵاتی سەرمایە بە پشتیوانی ئەمریکاو غەرب, کە کۆمۆنیزم مانەوەی خستبووە مەترسیەوە. بێگومان ئەم کێشمەکێشە سیاسی وکۆمەڵایەتیە ناکرێ بەبێ بەجێهێشتنی ڕەنگدانەوەی لەسەر تەواوی مەیدانەکانی ژیانی خەڵك بەرێوەچوو بێت. خۆپشاندان ومانگرتنە عەزیمەکانی کرێکارانی نەوت, دەخاڵەتی ژنان لەژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری کۆمەڵگەدا, جلوبەرگ پۆشینی ژنان ولاوان, چوونە سینەماو شانۆ ونادیەکانی شەوانە, کۆنسێرتی گۆرانی و شیعرو ئەدەب وهونەر, هەموو ئەمانە پێکهاتەکانی کۆمەڵگاکانی دنیای عەرەب و رۆژهەلاتی ناوەراست بووەو بەشێکی ئەسڵیە لەمێژووی هاوچەرخی ئەم کۆمەڵگایانە, کەپێچەوانەی تەواوی ئەو عورف و عادات وتەقالیدو قەوانینە ئیسلامیانەیە کە چەندین دەهەیە تێدەکۆشن بیکەن بەناسنامەی خەڵکی ئەم کۆمەڵگایانە. هەتا لوبنان و بەیروت و ئەسکەندەریەو بەغداد وتاران هەبوو, کوا خەڵکی رۆژهەلاتی ناوەراست و دنیای عەرەب وەك توریست بیریان لەچوون بۆ ئەوروپا دەکردەوە؟! هەندێك وولاتی وەك تونس و مەغریب و جەزائیر کە ئێستا لانکەی گەشەکردنی تیرۆریزمی ئیسلامین, راستەوخۆ بەشێك بوون لەئەوروپاو هیچ پردێك بە ئیسلام و ئیسلامیزمەوە نەیدەبەستنەوە.

**کێشەی فەلەستین و، لەخوار خەتی هەژاریەوە راگرتنی ژیانی ملیۆنەها ئینسانی دنیای عەرەب وناوچەکە, ئەو دوو وەرەمە سەرەتانیە مێژووییە پیسەن, کە میکرۆبی بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی چەندین دەهەیە لەسەری گەشە دەکات و درێژە بەمانەوەی ژیانی خۆی دەدات. زیاتر لە نیوەی خەڵکی دنیای عەرەب رۆژانە بە دوو دۆلار دەژین! لەئارادابوونی ئەم برسێتی و دەستەنگیەی خەڵکی ناوچەکە, گەورەترین زەمینە بۆ کەوتنی هەزاران لاو بۆ نێو تۆری تیرۆریزمی ئیسلامی وئالوودە بوون بەئیسلام فەراهەم دەکات. بێ توانایی ناسیونالیزمی عەرەب لەوەلاّم دانەوە بە هەردوو ئەم کێشەیەوپەرەگرتنی کۆمۆنیزم لەناوەراستی قەرنی پێشوودا لەلایەك و بەدەسەلاّت گەیشتنی ئیسلام بەکۆمەك و پشتیوانی ئەمریکاو غەرب لەئێراندا لەلایەکی ترەوە, بواری کردەوە بۆ ئیسلامی سیاسی تا پەروباڵ دەربکات و بێتە نێو هاوکێشەی کێشمەکێش بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەلاّتی سیاسی, بەرادەیەك کە هەژموونی ئیسلامی سیاسی، ناسیونالیزمی دەسەلاّتداری عەرەبی ئەوەندە خستەژێر فشارەوە کە ناچاریکردن بەرەو ئیسلامی بوونی هەرچی زیاتر بچەرخێن!**

**بەبێ وەلام دانەوەی عادیلانە بە کێشەی فەلەستین وکێشەی عێراق لەلایەك و چوونە سەری ئاستی ژیان و مەعیشەتی خەڵکی دنیای عەرەب و ناوچەکە لەلایەکی ترەوە, ناتوانرێت ئاسۆیەکی ئینسانی و رادیکاڵ لە ناوچەکەدا, کەتیایدا بیرو هۆشی ئینسانەکان لە ژەهراوی قەومیگەرایی و ئیسلامی سیاسی پارێزراو بێت, چاوەروان بکرێت. ئەمەش لە گرەوی بەهێزبوونی بزووتنەوەیەکی رادیکاڵ و پێشرەوی کۆمۆنیستی کرێکاریدایە,کە بەوێنەی ئەڵتەرناتیڤێکی سیاسی وکۆمەلاّیەتی لەدەرەوەی کێشمەکێشی ئەمریکاو ئیسلامی سیاسی بێتەمەیدان و ئاسۆی نارەزایەتی خەڵکی بێبەشی ناوچەکە**

**له دەستی ئیسلامی سیاسی و ناسیونالیزم دەربهێنێ, وە بۆ هەمیشە ئەم وەرەمە سەرەتانیە بەپێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستین لە ریفراندۆمێکی ئازادی خەڵکەکەیدا, چارەسەر بکات.**

## رۆشنبیرانی ناسیونالستی کورد و پرۆژەی رۆژهەلأتی ناوەراستی گەورە!

رۆشنبیرانی ناسیونالیستی کورد بێ ئاگاترین بەشی بۆرژوازی عێراقین کە بەقورسی پەتای دیموکراسی غەربیان گرتووەو لەسەر ئەسپی دۆراوی (پرۆژەی رۆژهەلأتی ناوەراستی گەورە)ی ئەمریکا, مایەیان داناوە! رۆشنبیرانی ناسیونالیزمی کورد, تەنانەت ئەوانەشیان کە بەرواڵەت ئەهلی قەڵەم و زانست و زانیاری و فەرهەنگی مۆدێرنی غەربین و دەرچووی زانکۆکانی ئەوروپان, بەوهۆیەوە کە چوارچێوەی بیرکردنەوەیان لەنێو ئاسۆو بیرکردنەوەی ناسیونالیزمێکی عەشیرەتی و قەبیلەییدا تاساوە, نائاگاو زۆر ناشیانە لەنێو حکومەتێکی قەومی و دینی و تایەفەیی یەکگرتوو فیدراڵی عێراقیدا,کە ئەمریکا رەنگی بۆ رشتووەو دەستووری بۆ نوسیوە, بۆ دیموکراسی غەربی دەگەرێن!! ئەلف وبێی دەسەلأتی پەرلەمان و دیموکراسی غەربی, بەر لەهەر شتێك پێناسەکردنی دەسەلأتە بە وێنەی دەسەلأتێکی مەدەنی غەیرە قەومی و غەیرە دینی, واتە پێناسەی پەیوەندی نێوان دەوڵەت و دانیشتوان , سەربەخۆ لەوەی بەچ زمانێك قسە دەکەن, دینیان هەیە یان نیانە, لەچ بەشێکیدا ژیان دەکەن, هاوولأتی بوون و تەبەعیەتی خەڵکەکەیەتی بۆ ئەو جوگرافیا دیاریکراوە, ئەوەی کە هەر بەشە هەقی هەیە مومارەسەی بیرباوەر و زمانی دایکی لەنوسین وخوێندن و راگەیاندن و ژیانی کۆمەلأیەتیدا بکات مەسەلەیەکی براوەیە, بەلأم سەرئەنجام هەموو هاوولأتیانی یەکسانی ئەو جغرافیا دیاریکراوەن. وەك ئەوەی لەسویسرا هەیە, دەسەلأتێکی مەدەنی غەیرە قەومی و غەیرە دینی کە تیایدا ئەڵمانی و فەرەنسی و ئیتالی زمان بەرێژەی جیاجیا دەژین و هەمووشیان زمانی دایکیان لەتەواوی ژیانی کۆمەلأیەتی وسیاسیدا مومارەسە دەکەن بەبێ ئەوەی هیچ بەشە ئیمتیازێکی بەسەر ئەوی تردا هەبێت و دەسەلأت ناسنامەیەکی قەومی هەبێت!

لەعێراقدا بەرلەهەر شتێك و سەربەخۆ لە ئیرادەی خەڵکەکەی, دەوڵەت بەقەومی و دینی و تایەفەیی پێناسەکراوە, ئینجا بەپێی رێژە سەهم دانراوە بۆ ناسیونالیزمی عەرەب وکورد وشیعەو سوونە و شیوخی عەشایەر! هەر یەکێکیش لەمانە خەریکە ورگی ئەوی تر دەدرێ بۆ ئەوەی سەهمێکی زیاتری لەو دەسەلأتەدا هەبێت. رەووتی دیموکراسی بەهەر پێوانەیەك نەك هەر لەنێو ئاوها دەسەلأتێکدا ناتوانێت سەوز ببێت, بەڵکو گەشەی دیموکراسی لەبەرتەسکترین ئاستیدا, لەگرەوی رووخاندن وتێکوپێکدانی ئەم قەلأرزیوەی کۆنەپەرستیدایە. هاوکێشەیەکی سەخت نیە, لەکۆمەڵگەیەکدا کەبەرەسمی و قانوونی دانیشتوانەکەی ناسنامەی قەومی ودینیان بەیەخەدا داکوترابێ ولەبەرامبەر یەکتردا راگیرابن, دیموکراسی بەهیچ پێوانەو مانایەك ناتوانێت بوونی هەبێت.لەم کۆمەڵگەیانە دا دیموکراسی بۆ دەسەلأتدارانی قەومی و دینیەو دیکتاتۆریەتی بێ پەردەش بەشی خەڵکەکەیەتی.

## مەسەلەی کورد, ناسیونالیزمی کورد, پرۆژەی رۆژهەلأتی ناوەراستی گەورە!

لەگەڵ ئەوەدا کە ناسیونالیزمی کورد و هەردوو حزبەکەی لەرەوتەقی دەسەتدارەتیاندان و هەرگیز ئەم جێگاورێگایەی ئێستایان لەهاوکێشەی دەسەلأتدا نەبووە, بەلأم ناکامی تائێستای نەخشەو پرۆژە سیاسیەکانی ئەمریکا لە عێراقدا,

ئەمانیشی لەگەڵ بنبەست و بیٚ ئاسۆیی و نادیاری چارەنووسی سبەینیٚیان بەرەوروو کردووە. بەو رادەیەی رەوەندی چوونەپیٚشەوەی رووداوەکان بەلای ئالۆزی هەرچی زیاتردا دەچیٚت و ئیسلامی سیاسی مەیدانداری زیاتر لە هاوکیٚشەی دەسەلاٚتدا پەیدا دەکەن, مۆمی ئومیٚدی دەسەلاٚتی ئەمان کزتر دەبیٚت. تا ئەو رادەیە ناسیونالیزمی دەسەلاٚتداری کورد بەسەرو ماڵەوە چووەتە نیٚو ئەم نەخشەیەی ئەمریکاوە, کە چەکدارەکانی لە ژیٚر فەرماندەیی هیٚزەکانی ئەمریکادا خەریکن لە فەلوجە وکەربلاو نەجەف شەری جیٚگیرکردنی دەسەلاٚتی ئەمریکا لە عیٚراقدا دەکەن. تا ئیٚرە شتیٚکی سەیرو تازە نیەو ناسیونالیزمی کورد زیاتر لە 13ساڵە ئومیٚدی خۆی بەسیاسەتی ئەمریکا لەعیٚراقدا گریٚداوە, بەلاٚم ئەوەی کە تازەیە میتۆدیٚك لە لیکدانەوەی فریوکارانەیە کە ناسیونالیزمی کورد بۆ تەوجیهکردنی ئەم سیاسەتانەی دەیکات و بەشیٚکی فراوان لە رۆشنبیرانی ناسیونالیستی بەرواڵەت نارازی بەدەسەلاٚتی یەکیٚتی و پارتی پیٚی ئالودە بوون و لەمەش مەترسیدارتر چارەنووسی کۆمەڵگای کوردستانیشی لەگەڵ خۆیدا تووشی نادیاری و چاوەروانی زیاتر کردووە.
لیٚکدانەوەی باوی رۆشنبیران و سیاسەتمەدارانی بیر تەسکی ناسیونالیزمی کورد, بەتایبەتی کە لەگەڵ هەڵدانەوەی لاپەرەکانی میٚژووی پر لەتاوانی ئەمریکا لە عیٚراق و ناوچەکەدا بیٚ قسە دەمیٚننەوە, دەڵیٚن: ( میٚژووی سیاسەتی دژی ئینسانی ئەمریکا نکوڵی لیٚ ناکریٚ, ئەوەش راستە کەئەمریکا بۆ قازانج و بەرژەوەندی خۆی هیٚزی هیٚناوەتە ناوچەکە, بەلاٚم ئەمرۆ قازانج و بەرژەوەندی میللەتی کورد بۆ یەکەم جارە لەمیٚژوودا لەگەڵ قازانج و بەرژەوەندی زلهیٚزیٚکی وەك ئەمریکا یەکدەگریٚتەوە, کاری عاقلاٚنە ئەوەیە کە ئەم فرسەتە لەدەست نەدەین و ئیستیغلالی بکەین)؟!
بەر لەهەر شتیٚك ئەو بەرژەوەندیەی خەڵکی کوردستان چیە کەلە ویٚرانکردنی تەواوی سیمای شارستانی و بنەماکانی کۆمەڵگای مەدەنی عیٚراق دایە؟! ئەو ئامانجە پیرۆزەی خەڵکی کوردستان چیە کە لەگەڵ قەتڵی عامی ژن و منداڵ و پیرو گەنجی خەڵکی عیٚراقدا یەکدەگریٚتەوە؟! ئەگەر بۆ لەحزەیەك باوەر بەم میتۆدە بکەین دەبیٚ بەو ئەنجامە عەجایەبە بگەین, کە داسەپاندنی ئابلۆقەی ئابووری بەسەر خەڵکی عیٚراقدا کە قوربانیەکەی گیان لەدەستدانی زیاتر لە ملیۆن و نیویٚك لەخەڵکی عیٚراق بوو, وە ئەوکات هەر ئەم ناسیونالیزمە هەلهەلەیان بۆ لیٚداو, ووتیان بەقازانجی خەڵکی عیٚراقەو رژیٚم لاواز دەکات, لەگەڵ بەرژەوەندی خەڵکی عیٚراق و کوردستاندا یەکیدەگرتەوەو خەڵکی بەدەستی خۆیان برسیٚتی و بیٚ دەرمانیان بۆ خۆیان دەهیٚنا!
لەراستیدا ئەوە بەرژەوەندی ناسیونالیزمی کوردە کە لەگەڵ ئەم بەربەریەتەی ئەمریکادا جووتەو بەتەواوی دژی بەرژەوەندی خەڵکی کوردستانە, بەدریٚژایی میٚژوو ناسیونالیزمی کورد بەرژەوەندی خۆی لەسەر پیٚشیلکردنی بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان بردۆتە پیٚشەوە. خەڵك دەڵیٚن ئازادی سیاسیمان دەویٚ, ئەو پیٚشیلیکردووە, خەڵکی دەڵیٚن ریفراندۆم و دەوڵەتی سەربەخۆمان دەویٚ, ئەو بەئاگرو ئاسن وکوشتار وەلاٚمی داوەتەوە, خەڵکی دەڵیٚن جیایی دینمان لە دەوڵەت و خویٚندنو پەروەردەو قانوون دەویٚ, ئەو بەشمشیٚر وەلاٚمی داونەتەوە! ئەوە فەلسەفەی بوونی ناسیونالیزمە, لەپیٚشدا میللەت بە ویٚنەی دیاردەیەکی سنووردارو جیا لەکائیناتی زیندووی ترو بیٚگانە بە دەوروبەر شکڵ پیٚدەدات, ئینجا بەکەڵك وەرگرتن لە هەلاٚواردن و نایەکسانیەك کە دەسەلاٚتە قەومیەکان بەرامبەر بەو بەشە لەئینسانەکان بەریٚوەی دەبەن, هەوڵدەدەن میٚژووی خۆیان بکەن بەمیٚژووی نارەزایەتی خەڵك لەدژی زوڵمی قەومی و ئاسۆی خۆیان بکەن

بەئاسۆی ئەو بزووتنەوەیەو وەك نوێنەری خەڵك لەدەسەلاٚتی سیاسیدا شەریك بن. ناسیونالیزم بزووتنەوەی وەرگرتنەوەی ئیرادەی خەڵکی کوردستانە لەدیاریکردنی چارەنووسی سیاسی خۆیان. خەڵکی کوردستان دەبێ چارەنووسی خۆیان لە نێوان بەرداشتی ئیسلامی سیاسی و ئەمریکا کە یەکێتی و پارتی بردویانەتە نێوی, دەربکێشن و رێگای سێهەم بەدەستی خۆیان هەڵبژێرن.کاتێکی زۆر بەدەستەوە نیە, وەزعیەتی سیاسی عێراق بەداخەوە هەتا دێت بەرەو مەترسی زیاتر دەروات, فرسەتە چارەنووسی خۆیان لەدەستی سات و سەودای یەکێتی و پارتی دەربهێنن و لە ریفراندۆمێکی ئازاددا بریار لەسەر جیابوونەوەی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی غەیرەو قەومی و غەیرە دینی بدەن.

## رێـــگای ســـــــێهەم !

راگەیاندن و دەزگای هەڵبەستنی درۆ ئەمرۆ ئاستێکی بێ ئەوپەری پەیداکردووەو مەیدانێکی مەرتسیداری گەورەی جەنگ پێك دەهێنێ. دەتوانێ هەموو واقعیەتێکی لەسەر پێ ئاوەژوو نیشان بدات و بیباتە نێو بیرکردنەوەی ئینسانەکانەوەو باوەری پێ بکەن. لەدەستدابوونی ئەم چەکە وێرانکەرەی بیروهۆشی ئینسانەکان, لەدەستی هەردوو قووتبی تیرۆریستی ئەمریکاو ئیسلامی سیاسی لە جەنگی جیهانی تیرۆریستیاندا, سەنگینییەکی گەورە دەکات لەسەر بیرکردنەوەی ئینسانەکان و دۆزینەوەی رێگاچارەی راستو دروست. بەرداشتی زەبەلاحی هەردوو ئەم بەرە دژی ئینسانیە تیرۆریستە, بەجۆرێك هەناسەی بیرکردنەوەی ئینسانەکانی سوار کردووەو شەوەزەنگێکی وەهای خوڵقاندووە کە دۆزینەوەی رێگا چارەی دەربازبوون نزیکە دەست نەیەتە پێش چاو. بەلاٚم هەر جۆرێك بێت سەرئەنجام ئینسانیەت دەبێ رێگاچارەی سێهەم بدۆزێتەوە. ئینسانیەت لەپێناوی کۆتایی هێنان بەم بەربەریەتەی ئێستادا,دەبێ لەدەرەوەی ئەم دوو بەرەیە سەنگەرێکی تر لێبدات, دەبێ پشتێنەیەکی ئەمنی مەحکەم بۆ پاراستنی ئینسانیەت لە کارەساتەکانی جەنگی ئەم دوو بەرە تیرۆریستیە جیهانیە لێبدرێ. هیچ سەردەمێك بەئەندازەی ئەم سەردەمە ئینسانیەت پێویستی بە ئەڵتەرناتیڤ و هاتنەمەیدانی چینی کرێکار نەبووە. بۆ یەکجار و بۆهەمیشە دەبێ لاوان, ژنان, ئەدیبان , رۆشنبیران, تەنانەت لایەنگرانی دیموکراسی غەربی وحکومەتی مەدەنی و عەلمانی لەم وولاٚتانەدا, ئەوەیان لەلا براوە بێت کە بەدەستهێنانی ئازادی سیاسی , ئازادی خوپیشاندان و مانگرتن, ئازادی بیرواو عەقیدەو رادەربرین, ئازادی رۆژنامەگەری و راگەیاندن, یەکسانی ژن و پیاو, جیاکردنەوەی دین لەدەوڵەت, پاراستنی ماف و حورمەتی منداڵاٚن, بەهەرحاڵ بەدەست هێنانی هەر یەك لەم مافانە کە سەرەتاییترین مافەکانی کۆمەڵگای ئینسانی ئەمرۆیە, لەهەنگاوی یەکەمدا لەگرەوی بەهێزبوونی ئاسۆی سۆسیالستی لە خەبات و تێکۆشانی خەڵکی ناوچەکەدایە. دەبێ ئاسۆی خەبات و تێکۆشانی رۆژانەی ملیۆنەها ئینسانی دڵ پرلەهیوای دنیای عەرەب و رۆژهەلاٚتی ناوەراست لە چنگاڵی ئیسلام و ناسیونالیزم دەربهێنرێ. دەبێ قووتبێکی کۆمۆنیستی بۆ وەلاٚم دانەوە بەکێشەکانی دنیای عەرەب, کە ئیسلامی سیاسی قازانجی لە مانەوەو چارەسەرنەکردنیاندا هەیە, بێتە مەیدان و نوێنەرایەتی خواستە ئینسانیەکانی خەڵك لە خەباتی رۆژانەیاندا بکات. ئەم کارە بەتەواوی کارێکی عەمەلیە, بەقەولی مەنسور حیکمەت وەلاٚمی کۆمۆنیزم بەکێشەکانی دنیای سەرمایەداری ئەمرۆ وەلاٚمی تیۆریك نیە, بەڵکو وەلاٚمی عەمەلیە. ئەمەش پیویستی بەوەیە کە کۆمۆنیزم وەك

بزووتنەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و لەرێگای حزبی پێشرەوی خۆیەوە لە کێشمەکێش لەسەر دەسەڵاتی سیاسی سەرکەوێت و دەسەڵاتی سیاسی لە یەکێك لەم وڵاتانە بەدەستەوە بگرێت. ئێران و عێراق ئەو دوو جوگرافیا گرنگەی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراستن, کە تیایدا کۆمۆنیزم بەوێنەی هێزێکی رێکخراو لە حزبی پیشرەوی مارکسیستی خۆیدا رێکخراوە و نوێنەرایەتی چینی کرێکارو رادیکالیزمی کۆمەڵگا لە کێشمەکێشی دەسەڵاتدا دەکات. بەداخەوە بەهۆی سیناریۆیەکی رەشەوە کە جەنگی ئەمریکا لەدژی خەڵکی عێراق خولقاندوویەتی, ئاسۆیەکی نزیك لەیەکلاکردنەوەی وەزعیەتی ئێستای عێراق بە قازانجی چینی کرێکارو کۆمۆنیزم چاوەروان ناکرێ. بەلاَم وەزعیەتی ئەزمەگرتووی ئێران بەتەواوی جیاوازە. بەهۆی لەئارادابوونی بزووتنەوەیەکی عەزیمی خوازیار بەرووخاندنی رژێم و دەسەڵاتی ئیسلام لەئێرانداو جێگاو رێگایەکی پێشرەوانە کە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران لە نێو ئەو بزووتنەوەیەدا لەچەند ساڵی رابردوودا بەدەستی هێناوە, ئاسۆی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی بێ چین و چەوسانەوە لەناوچەکەدا ئاسۆیەکی نزیك و ئومێد بەخشە, نەك بەتەنیا بۆ خەڵکی ئێران بەڵکو بۆ تەواوی ناوچەکە. رووداني شۆرش و بەدەسەلاَت گەیشتنی کۆمۆنیزم لە ئێراندا, یان بوونی کۆمۆنیزم بەتەرەفێکی ئەسڵی یەکلاکردنەوەی دەسەلاَت لە دوای رووخانی جمهوری ئیسلامی, ناتوانێت رووداوێکی ناوخۆیی ئێران بێت بەتەنیا, هەروەك چۆن بەدەسەلاَت گەیشتنی جمهوری ئیسلامیش لەسەرەتای دەهەی هەشتاکانی قەرنی پێشوودا نەیتوانی رووداوێکی ناوخۆیی بێت و بەخێرای خوێنی بردەوە نێو دەمارە ووشکبووەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی لە ناوچەکەداو زیندووی کردنەوە. ئەم مەسەلەیە بۆ کۆمۆنیزم کە فەلسەفەی بوونی نوێنەرایەتی کردنی دەریایەك لە خواستو ئاواتە سەرکوتکراتوەکانی ئینسانەکانی ناوچەکەیە, دەسەڵاتی ئیسلام و ناسیونالیزم ساڵەهایە دەیتاسێنێ, کاریگەریەکەی قابیلی بەراوورد نیە. رووداوێکی وەها بە تەواوی سیمای سیاسی ناوچەکە دەگۆرێ و بەخێرایی دەرگا بەرووی وەرچەرخانی ناوچەکە بەرەو رادیکالیزم و چەپ دەخاتە سەر پشت.